The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ئاگاداركردنەوەيەك لە (چاك)ەوە بۆ بەرپرسان ودەسەڵاتدارانی كورد

**بەڕێز مام جەلال سەرۆكی كۆماری عێراق**
**بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان**
**بەرێز پەرلەمانی كوردستان**
**بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان- هەولێر**
**بەرێز مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان**
**بەرێزان پارتە كوردستانییەكان**

**سلاو و ڕێز.**

بەرێزان , ماوەی 12 ڕۆژە د.كەماڵ سەید قادر بەهۆی نووسینی بابەتێكەوە , لە لایەن دەزگا ئەمنی و حیزبییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە شوێنبزر كراوە , ئەمەش لەگەڵ سەرەتاییترین پرینسیپەكانی دیموكراسی نایاتەوە و پێچەوانەی هەموو ئەو بانگێشانەیە كە بەڕێزتان بۆ دەسەڵاتی كوردی دەیكەن .
ئێمە وەک ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد (چاك) , سەرباری ئەوەی زۆر ڕەخنەمان هەبووە و هەیە لە چۆنییەتی مامەڵەكردنتان لە بەرامبەر تاوانباران , ژیانی پاشماوەی قوربانیان , فایلداران , كەركووک و شارە تەعریبكراوەكان, تاوانبارانی وەک خەزرەجی و وەفیق سامەڕایی و مەشعان جبوری و ....... , كوردی پارچەكانی دیكەی كوردستان و گەندەڵی و پێشێلی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان و .................چەندین بابەتی تر , لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا , ئێمە بە گشتی تا ئێستا ڕەخنەو داواكارییەكانمان تەنها بەزمانی كوردی بلاو كردۆتەوە و نەمان ویستووە دەسەڵاتی كوردی (ئەگەرچی لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ئەوانە نەبووە كە قوربانییان لە پێناویدا داوە) , لە دەرەوە ناشرین بكەین و لە گشتدا بوونیمان بە هەنگاوێكی باش زانیوە بۆ كۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و قڕكردنی گەلی كورد.
ئێمە لە نامەیەكی پێشتریشدا بۆ ئێوەی بەڕێز , داوامان كرد كە د.كەماڵ لە دادگایەكی ئاشكرادا كێشەكەی تاوتوێ بكرێت , وەک دەزانن لەگەڵ ڕوخانی بەعسدا دادگای شۆڕشیش (مەحكەمەی سەورە) لە قەفەس نرا و سەرۆكی ئەو دادگایە , بۆ خۆی لەپای ئەو هەموو بڕیارەی بۆ مەرگی زیندانییەكان دابووی , درایە دادگا , ئێستا چۆن دێن دادگای لەو شێوەیە دادەمەزرێننەوە لە كوردستان .
بەڕێزان , ئێمە تا ئێستا گشت تواناكانمان بەكار نەهێناوە بەرامبەر بەم كێشەیە , چاك پەیوەندی لەگەڵ دەیان دەزگا و ڕێكخراوی بیانی لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە و لەناو كوردەكانی

هەندەرانیش متمانەی باشی هەیە , هاوکات پشتگیرییەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد و ڕۆشنبیرانی چەندین نەتەوەی تری لێدەکرێت , لە توانامانداا هەیە کێشەی شوێنبزرکردنی د.کەماڵ زیاتر لە قاو بدەین و بە ئاگادارکردنەوەی زیاتری دەزگاو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و لایەنە پەیوەندداره‌کان و ..... چالاکیی تر , کێشەکە بگەیەنینە ئاستێکی بالاتر , بەلام ئەم هەنگاوە بە باش نازانیین بۆ بزاڤی کوردی , تاکو دوژمنانی گەلەکەمان نەیقۆزنەوە بۆ ناشرینکردنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان. ماوەیەکە گوێبیستی زەنگێکی مەترسیدار دەبین لە کوردستان, کە ڕفاندنی دکتۆر کەمال بەشێکی ئەو زەنگەیە, بۆیە بۆ جارێکی دیکە داواتان لێدەکەین د.کەماڵ ئازاد بکەن و بەرامبەر بە تاکی کورد, بە گوێرەی پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ هەڵس و کەوت بکەن. با ئەو بانگەشەیەی دەیکەن بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها قسە نەبێت , لە عێراقی کراوەدا ناتوانن دەرگای کوردستان لە ئازادییەکان دابخەن.

دوای ئەم ئاگادارکردنەوەیە, چاوەڕوانی وەلامی فەرمی و بە کردەوەی ئێوەین, خۆ ئەگەر هیچ وەلامێکیشمان دەست نەکەوێت , ئیتر ئێمە بەرپرس نابین لە هەنگاوەکانی داهاتوو و تەشەنەکردنی زیاتری کێشەکە. دڵنیاش بن , ئێمە دەست لەم داوایەمان هەڵناگرین .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک**

**2005-11-5**

**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**